www.kurdistannet.org
18-11-2005 16:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تیرۆری دەوڵەتی.. ! .. حەسەن سەید باقی

تیرۆر لەسەرتاسەری دونیادا ڕوو لەگەشەیە، بەشێوەیەکی بەرچاو لێرەو لەوێ، زۆربەی دەوڵەتاکانی دنیا گازندەیانە لەدەست تیرۆر، بەتایبەت لەپاش سیناریۆی یانزەی سێپتەمبەر، کە وەك فلیمێکی چاکساز و دەرهێنەرێکی وریا و زیرەك و کارامە، کە پێدەچێت سی ئای ئەی ڕۆڵی تیا بینیبێت، ڕەوتی تیرۆری لە جیهاندا گۆڕی و بوویە سەرەتای جەنگێکی درێژ خایەن لە زۆربەی وولاتاندا. ئەوەی کە جێگەی سەرنج و تێڕامانە تیرۆری ئەمجارەیە کە دەوڵەتی کەمالیستی شۆڤێنی پێی هەستاوە، بەتەقاندنەوەی بۆمبێك (مینێك)، دژی هاوولاتیان کە بوویە هۆی لەدەست دانی هاوولاتیەکی کورد. بەلاَم بە ئازایەتی هاوولاتیان ئەمجارە ئەو سیاچارانە نەیان توانی دەرباز ببن و سیناریۆیەکی بۆ دروست بکەن. لەلایەن هێزی گەلەوەگیران پاش لێکۆلینەوە دەرکەوت ئەمانە سیخوڕی دەزگەی دەوڵەتی تیرۆرن. ئەو دەڵەتەی تاکی کوردی بچوکترین مافی مرۆڤی نییە تێیدا. دەوڵەتێك دەیەوێت بچێتە یەکیەتی ئەوروپا. بەلاَم تیرۆر بەرامبەر هاوولاتیانی خۆی پیادە دەکات. ئەو ئەوروپایەی کە بانگەوازی مافی مرۆڤ و ئازادیە سیاسیەکان دەکات. بەڕای من ئەوە گرنگ نییە بەهێندی ئەوەی هەموو تاکێکی کورد دەبێت ئەوە چاك بزانن، زۆرجار نیزامە دیکتاتۆری و سەرمایەداریەکان پەنا دەبەن بۆ ئەم شێوازە هەرزانە، هەربۆیە مرۆڤ دەکەوێتە گومانەوە لەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات، لە تەقینەوەی ئۆتۆمبیلە مینڕێژکراوەکان کە ئەگەری دەستی سی ئای ئەی و دەنگبەرەکانی وولاتانی دراوسێ و ناوچەکەو ناوخۆی تێدا بێت. ئەمڕۆ نیزامی فاشی کەمالیست بەربوەتە گیانی هاوولاتیانی کورد لە باکوری کوردستان، وە دەیان بریندار لە ڕیزەکانی هاوولاتیاندا بەدی دەکرێت. هاوولاتیانی ئازاو خەباتگێڕیش بوونەتە بەربەستێکی پۆلایین دژی داگیرکەران و فاشیستەکان، ڕاپەڕیوون. بەلاَم مەخابن تا هەنووکە پەردەپۆش کراوەو تاڕادەیەك ڕاگەیاندنی دەوڵەتە ئەوروپیە بەناو دیموکراتیەکانیش هیچ لەبارەیەوە نالێن. ئەگەر چاوێك بەمێژووی عێراق و کوردستاندا بگێڕینەوە، بۆ ئەوکاتەی سەددامی فاشی کیمیابارانی گەلی کوردو شەڕی جینۆسایدی دەکرد. سیاسەتێکی فاشیانەی دەرهەق بەم گەلە ستەمدیدەیە لە قڕکردن و کوشتنی بەکۆ پیادە دەکرد.، لە ئەوروپای دیموکراتیەوە، ئەمریکای ڕزگارکەرەوە! نقە نەدەکرا. هەمان شت ئەمڕۆ لەکوردستانی باکوور گوێی خۆیان لێ خەواندووە. ئەوە چارەنووسی گەلێکی ستەمدیدەیە کە بەدرێژایی مێژوو دەچەوسێتەوەو غەدری لێدەکرێت. دیسان ڕۆشنبیران و میدیا کوردیەکانیش ئەو ڕۆڵە پێویستیەیان نیە. جا لەبەر خاتری خاترانە یا هەرشتی دی، پێم وایە بەشداری کردنەلەو زوڵمە گەورەیە لە گەلی کورد دەکرێت. هەروەها سایتەکانی ئینتەرنێتیش لەوانەی کە خۆیان بەدەمڕاستی چەوساوەکان، نەتەوەییەکان دەزانن نقەیان لێنایەت. بەڵێ کاتێك ئەوانە خۆیان بە نەتەوەیی یا نێونەتەوەیی دەزانن بۆ هیچ ڕۆڵێکان لەو بارەیەوە نییە. بۆ نامە بۆ سەرۆکیان بۆش و بلێر، یا دەزگاکانی تر کە بانگەوازی مافی مرۆڤ دەکەن نانووسن، هەروەك ماوەیەك لەمەو پێش کردیان دژی بەڕێزان تاڵەبانی و بارزانی. وە بەچەتە نێوزەدیانکردن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت زۆربەی کوردی باشور چەتەیە، چونکە لەگەڵ بارزانی و تاڵەبانیدان!!دیارە ئەمانە مافی تاکەکەسی لایان گرنگە، بەڕاستی مرۆدۆستن و کارەکەیان مرۆڤانەیە!!، ئەی

بۆ باسی زیندانی کردن و بێسەرو شوێنکردنی هەزاران کوردی تر لەپارچەکانی تری کوردستان ناکەن؟ یا ئەمە بڤیە و دڵی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و کۆنە بەعسیەکان دەڕەنجێت. بەهەرحاڵ پێویستە کوردو هەموو مرۆدۆستێك ئەمڕۆ دەنگی بڵند ڕاگرێت، هاوخەمی و هاوسۆزی ڕاپەڕیوانی کوردستانی باکور بن. بۆ ئازادی و ژیان، بۆ نەمانی چەوساندنەوە، تا ڕمانی دەسەڵاتی شومی دیکتاتۆریانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکان، هەموو دژە ئازادیەك وەرنە گۆ بەسە چیتر تەكتول چێتی و دژایەتی کردنی ئەوەی بەدەست هاتووە لە کوردستانی باشور، کە بەری ڕەنجی خەباتگێڕان و قوربانیانی ڕێگەی ئازادی و ژیانە. ڕەخنەی دروستکەربگرن بۆ بەرەوپێشچوونی کوردستان بۆ نەمانی چەوساندنەوەو گەندەڵی دەسەڵات بەچاوی ڕۆشنبیری و مرۆدۆستانەوە، نەك جنێو بوختان.

ئەڵمانیا 15. 11. 2005